


# سەنگەر

سەعید دارایی
لە فارسییەوە: کامیل بۆکانی

**«... و ناوێکی هەتاهەتاییان پێ دەبەخشم»**
**پەرتووکی ئەشعیا، ٥٦، ئایەتی ٥.**

لە پشت سەنگەرەکە پاڵ کەوتبووم و جگەرەم دەکێشا کە دەنگی زەنگوڵەیەک هات. قوتووە بەتاڵەکانی خۆراکی بە خۆیەوە بەستبوو و خەریکی هەڵبەز و دابەز بوو. ڕوومەتم بە قۆنداغی تفەنگەکەوە نووساند؛ ئێستا لەو دیوی دووربینەکەوە، سنگی ڕێک لە ژێر سیلەی تفەنگەکەمدابوو. هێشتا پەنجەم بە پەلەپیتکەکەدا نەنابوو لەبەر چاوم ون بوو.

دەیانگوت پارچە بەردیش بە حەواوە دەپێکێت. لەبەرچاوی خۆم تاقییان کردەوە، موعجیزە بوو. ژمارەیەکی زۆر کڵاوخوودی خوێناوی لە سووچێکدا کەڵەکە کرابوون. کەس نەیدەزانی لەو پشتەوە چ باسە. دەتگوت هەزار جووت چاوی بزۆزی لە پشت هەزار مەتر سەنگەرەوە چاندبوو، بۆ ئەوەی هەر جووڵەیەک ڕابگرێت.

هەموو شتێک وەک هەمیشە بوو. کەمتەرخەمیم نەکردبوو. ڕەفتاری ئاسایی خۆمم نواندبوو، بۆیە بۆ ئەوەی تووشی هیچ جۆرە هەڵەتێگەیشتن و خۆسەرکۆنەکردنێک نەبم، بەستۆی بەختمدا هێنا.

دڵنیا نەبووم منی دیتووە، یان نا. پێنج چرکە بۆ ئەو کاتێکی کەم نەبوو. ئەو پیاوی چرکەکان بوو. دەبوو دووبارە تاقیی بکەمەوە. دوو مەتری سەنگەرەکەم دەستنیشان کرد و جووڵەکانم لە مێشکمدا وێنا کرد. چرکەی یەکەم بانگم کرد و دوو، یان سێ چرکە دواتر، سەیرترین دەمەلاسکەم

پیشان دا. گەرمای قامچییەکی ئاگرین لە ژێر باڵمەوە تێپەڕی و لەسەر گردۆڵکەکانی پشتە سەرم نیشتەوە.

سەرم بە دەرکەوتن و بزربوونەوەی دووربینێکەوە گەرم بوو. چاوەڕێی نێوچاوانە بەدبەختەکەی پشتی بووم کە دیسانەوە بانگی کردم. هەر زوو بەرەو لای سووڕامەوە. وەک مار، بەنەرمی دەخوشی. لە خوشینی دووەمدا پەلەپیتکەکەم داگرت و کەوتە خوارەوە. قۆنداغی تفەنگەکەم ماچ کرد و گەڕامەوە سەر گۆشەکەی پێشووم. سەربەندێکی سەوز دیار بوو. «یا زەهرا»م بە ڕوونی دەخوێندەوە. ناوەڕاستی پیتی ‹هـ›یەکەم کردە ئامانج و کاژەڵاکی وردوخاش بوو.

بێگومان وای زانیوە لە دەستم ڕزگاری بووە. ئاوی مەتارەکەمم بەسەر سەرمدا کرد و بۆ ئەوەی لەم خەیاڵە هەڵەیەی ئاگاداری بکەمەوە، وەسەر کەوتمەوە. زمانم تا ژێر چەناگەم بۆی دەرکێشا.

«جەللەلخالق» تاکە دەستەواژەیەک بوو کە هاتە سەر زمانم. وەک ئەوەی جنۆکە لێی دابم. تەنیا ماتی سەیرکردنی مامەوە. شتێک لێرەدا لەجێی خۆی نەبوو. تامی نێچیرەکەی پێشوومم لە دەمدا تاڵ بوو. چەند گوللەیەکم بە شوێنە بەتاڵەکەیەوە نا و نوقمی بیرکردنەوە بووم.

سێ گوللەی تەقاند. نیشانەشکێنەکان گوللە بەفیڕۆ نادەن. وا دیارە زۆر تووڕە بووە. ئەو ڕۆژە نێوچاوانی چوار کەس لە ئێمەی پێکا. پێنجەمینیانی پێ نەپێکرا.

هەزار مەتر سنووری دەسەڵاتی منی بە گاڵتە گرتبوو. لەوانەیە ئەگەر یەک- دوو جار ڕووی بدایە، دەمتوانی خۆم قایل بکەم کە بەزەییم بە گەنجییەتیدا هاتووەتەوە، بەڵام ئەو لە بنەڕەتەوە گاڵتەی بە گەنجێتیش دەهات. ئێوارەی چوارەم ڕۆژ، هەستێکی ناخۆشم هەبوو. نەمدەتوانی سەرنجم چڕ بکەمەوە و پەنجەکانم دەلەرزین. بەڵێنم بە خۆم دا ڕۆژی پێنجەم کاری تەواو بکەم.

هەزار مەترم لەژێر کۆنترۆڵی خۆم گرتبوو، جگە لە ڕۆژی یەکەم، ڕۆژەکانی تر بەتالیۆنەکەمان کوژراوی نەدا. دیار بوو لەگەڵ خۆیدا پەیمانی بەستبوو سەرەتا من لەناو ببات. ڕۆژی پێنجەم بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک خەوتم. هەستام، بڕێک ئاوم بە دەموچاومدا کرد و پلانەکەی ئەو ڕۆژەمم هێنایەوە بەرچاو. دەبوو پازدە مەتر بەسەر سەنگەرەکەدا ڕابکەم. دەبوو ئەوەندە بە وردی لێکی بدەمەوە کە نەتوانێ کاتی جووڵەکانم پێشبینی بکات. بە جۆرێک کە گوللە تەنیا لە پێشمەوە، یان لە پشتمەوە وەزەوی کەوتبان. لەم ماوەیەدا دەیتوانی پێنج، یان شەش گوللە بتەقێنێ. وەسەر کەوتم.

دڵەکوتەم بوو بێتە سەرەوە و نمایشە قەشمەرانەکەی دەست پێ بکات. دواجار هاتە سەرەوە و بە لایەکدا دەستی بە ڕاکردن کرد. پەلەپیتکەکەم داگرت و یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، بازی دایە خوارەوە. بۆ من شکستێکی تەواو بوو. ڕووم تێ کرد و سەرم بەرز کردەوە و زۆر بە تووڕەیی گوڕاندم.

کۆڵێک جنێوی عەرەبیی حەواڵە کردم. لەبەر پێکەنین و ماندوویەتی، بڕستم لێ بڕابوو. ئێوارە، فەرماندەیی سەرکۆنەی کردم، گوتیان بەم کەرێتییە تەنیا خۆم بە کوشت دەدەم. مۆڵەتەکەمیان هەڵوەشاندەوە. بەڵێننامەی نووسراویان لێ وەرگرتم کە چیتر دووبارەی نەکەمەوە.

بێگومان پاداشتێکی باشی وەرگرتبوو. بە هاتنی ئەو، چیتر سەر و گەردنەکان بۆ من سەرنجڕاکێش نەمابوون. پێم باشتر بوو تەنیا و تەنیا چاوەڕێی بازدانە کتوپڕەکانی ئەو بم.

ڕۆژێک وازم لە گەمەکە هێنا، بەڵام ڕۆژی هەشتەم دیسان هەمان کێچ کەوتە کەوڵم. چوومە سەرەوە و لەسەر هەردوو دەستم ڕاوەستام، پاشان سڵاوێکی

سەربازیم کرد و گەڕامەوە.

کراسەکەی تا پشتی، تا سەر شانەکانی، خلیسکابووە خوارەوە و ڕیزی ڕوونی بڕبڕەکانی پشتی دیار بوو، پاشان سڵاوێکی سەربازیی کرد. پەنجەکانی شووش و درێژ بوون. دووربینەکە دەیگوت پازدە ساڵی تەواو کردووە. پەنجەم فەرمانی نەبرد. تەنها بە سەیرکردنی قەناعەتم کرد.

پەنجەکانی لە کاتی تەقەکردندا، هێمنی و مەندیی دەستی پیاوێکی چل ساڵەیان هەبوو. ئێستا دەبێت زۆر پیر بووبێت. ڕۆژی دوازدەیەم بۆ ناوچەیەکی دیکە گوازراینەوە، بەڵام سەفای ئەو سەنگەرە بۆ هەمیشە لەگەڵم مایەوە. هەندێک جار یادەوەریی ئەو، وەک هەورەکانی نەورۆز لە مێشکمدا برووسکە دەدات. ئێستا لە کوێیە؟ نازانم. لەوانەیە لە گەرمەی شەڕەکانی ئەو ڕۆژانەدا کوژرابێت، لەوانەشە نا، دواتر لە شەڕی یەکەم، یان دووەمی کەنداودا، لەوانەشە بۆمبی بەخۆیەوە بەستبێت و خۆی کردبێ بە نێو ڕیزی ئەمریکییەکاندا. لەوانەشە دەستگیر کرابێت و ئێستا لە گوانتانامۆ قژە سپییەکەی دابێتە دەست ئەو شنەبا فێنکەی لە کەناراوەکانی کووباوە دێت، لەوانەشە لە کێڵگەیەکی بچووکی نزیک بەغدا، سەیری بازدانی کاوڕەکان بکات و لەگەڵ دەنگی دڵنشینی پێکەنینەکانی ژنەکەیدا، دەست بەو تەماتە گەورانەدا بهێنێت کە نیوەیان سوور بوونە. زۆرێک لەم ‹لەوانەیە›گەلە ڕێی تێدەچێت، بەڵام بێگومان لە هەر کوێیەک بێت، گۆشەیەک لە یادەوەرییەکانی، گەرمی و تینی ئەو ڕۆژانەی پاراستووە کە بەشێکیان پێوەندییان بە منەوە هەیە.

چی بەسەر هات؟ هەرگیز نەمزانی. لەوانەیە لە بۆردومانی هەمان شەودا هەڵاهەلا بووبێت. جێگە خاڵییەکەی تا ماوەیەکی زۆر تەرازووی مێشکمی لاسەنگ کردبوو. کە بیر لە پەنجە درێژ و شووشەییەکانی دەکەمەوە، وشەکان لەسەر زمانم هەڵدەخولێن. لەوانەیە بووبێتە نووسەرێک، یان شتێکی لەو بابەتە. ئەم ڕۆژانە لەسەر تێلێکسی ئاژانسەکان، هەواڵە ناخۆشەکانی ئێران شەپۆل دەدەن. لەوانەیە لەسەر سنووری بێ پەرژین و پەنای شەقامەکاندا، نیشانەشکێنەکانی سەر بورجە بەرزەکانی بە گاڵتە گرتبێت، لەوانەشە لە تاریکیی زیندانێکدا، بیر لەو ڕۆژە ڕووناکە سەوزانە بکاتەوە کە وەک با تێپەڕین.

سەنگەرەکە وەک خۆی ماوەتەوە و دەستی لێ نەدراوە. لەسەری ڕادەوەستم. پیاسە دەکەم و جگەرە دەکێشم. هێشتا ژمارەیەکی زۆر کێڵگەی مینڕێژکراو لێکمان جیا دەکەنەوە. ڕێگەیەکی ڕاست بە سەرەنێزە دەکەمەوە و بەرەو پێشەوە دەچم. لەلای ستوونە سوورەکانی سنوور ڕادەوەستم. سەربازێک لە بنکەکەی بەرانبەرەوە فیکە لێ دەدات. دەگەڕێمەوە. لە پشت سەنگەرەکە ڕادەکشێم. هەڵدەستمەوە و هەزار مەترەکە یەک بین ڕادەکەم. تۆ لێرە نیت تەققەم لێ بکەیت.

هەندێک جار کە دڵتەنگ دەبم، دەچمە سەیری ئەو زیارەتکارانەی لە وڵاتی ئەوەوە هاتوون. پیاوانی باڵابەرز کە ماچ بۆ گومبەزە سەوزەکان دەنێرن و لەلای مەزارەکانەوە بە نەرمیی بارانێک دەگرین. پیاوانێک کە لاجانگیان تازە سپی بووە، سەیری پەنجەکانیان دەکەم، هیچ کامیان تۆ نین.

**خەرمانانی ١٣٨٩ (ئەیلوولی ٢٠١٠ز)**

**سەچاوە:**

**http://www.asar.name/1984/08/56.html**